## سامان کەریم لە وەلامی پرسیاریکدا سەبارەت بە

# ڕێککەوتنی نێوان یەکێتیو پارتی!

**ئۆکتۆبەر: ئیوە لەڕۆژی 5/28دا پەیامێکتان دا بەخەڵکی کوردستان سەبارەت بە "کێشەی نێوان پارتیو یەکێتی دەربارەی دەسەلاتدارێتی لەکوردستان!" لەو پەیامەدا دەلێن "ئەم بێنەو بردەو ململانێیەی نێوان یەکێتیو پارتی بێکۆتاییە. تەنانەت ئەگەر هەر ئێستاو پاش 4 مانگ لە گفتوگۆ لە ژێر هەر فشارێکدا ڕێکبکەون ئەوە نیشانەی ڕێك نەکەوتنیانە". بەلأم ئەوان لەمڕۆژانەدا "ڕیکەوتنی" خۆیان ڕاگەیاندوە لەسەر یاسای سەرۆکایەتیو یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەیان، لەمبارەوە ئێوە دەلێن چی؟!**

سامان کەریم: بەلێ کاتی نوسینی پەیامەکەش ئەوە ڕۆشن بوو ئەوان ڕیك دەکەونو بەهەرحال ڕیککەوتنێك ئیمزا دەکەنو هەرلایەکیان لەبەرانبەر یەکتردا بڕیك لە یەکتر خۆش دەبن. هەر بۆیە لەو پەیامەشدا کە جێگای ئاماژەی ئیوەشەو پیم وابێت لەم ژمارەیەی ئۆکتۆبەریشدا بلاوبۆتەوە، دەلێن ئەگەر ڕیکیش بکەون ئەوە نیشانەی ڕێك نەکەوتنیایە. لێرەدا مەبەستی ئێمە ئەوەیە هەروەك ناوەڕۆکی پەیامەکەشمان هەرئەوەیە، کە ناسیونالیزمی کورد وەکو بزوتنەوەیەك لە عێراقدا، لە بەرانبەر ئیستراتیژیەتی سیاسی خۆیدا دەرگیری بن بەستە، واتە لەبەرانبەر، کەرکوكو کێشەی کەرکوکدا، بۆیە وادەلێم چونکە فیدرالیەتەکەیان ئەگەر کەرکوکی تیدا نەبێت هەر خودموختاریەکەی جارانی سالی 1970یەو جیاوازییەکی نیە لەگەلیداو تەنانەت زۆر لە دواترە لەچاو دەسەلاتی ئەوان لە 12-13 سالی ڕابوردوی پێش ڕوخاندنی حکومەتی بەعسدا، ئەوە بەجیا لەوەی کە خودی تەرحی فیدرالی چەندە زەرەرمەندە بۆخەلکی کوردستانو ناتوانیت چارەسەری کێشەی ئەصلی خەلکی کوردستان بکات. ناوەڕۆکی باسی ئێمە ئەوەیە پڕۆژەیەکی سیاسی کە بۆ پێکهێنانی دەولەت لەلایەن ئەمەریکاوە سەرپەرشتی دەکرێت لە بناغەوە پڕۆژەیەکی پوچ و فاشلەو پەیوەندی نیە بە پێکهێنانی دەولەتەوە لە چوارچێوەی ولاتی عێراقدا. لەوانەیە چەند سالێك سەربگرێتو ماوەیەکی پێ ببەنە سەر بە فشاری ئەمەریکاو مانەوەی هیزەکانی، بەلام باسی ئیمە لە لایەك باسی ئیستراتیژیەتو سیاسەتی بزوتنەوە سیاسیەکانەو لەوانە ئیسلامی سیاسی کە ئالاو مەشخەلی تائیفەگەری بەرزکردۆتەوە، وە ناسیونالیزمی عەرەب کە لە ژێر ناوی "سوننە"دا خەریکن بەشدار دەبن لە دەسەلات، هەر یەکە لەمانە ئەگەر بەراوردیان بکەیت نمونەکەیمان تاقیکردۆتەوە، سەرنج لە ئیران بدەو بزانە دەسەلاتی ئیسلامی سیاسی نەوعی شیعیەکەی چۆنە، سەرنج بدە لە حکومەتی بەعسو بەعسیزم کە ئەنفالو تەعریب و تەهجیری پیادەکردوەو مافەکانی خەلکی زەوتکردوە بۆ هەمو کەس ڕۆشن دەبێت کەئەم وشکە کەلەكو چێشتی مجێورە پێکەوە ناتوانن ڕێك بکەون، لە لایەکی ترەوە ئینتما بۆ ولات بەتەواوی جیگای خۆی داوە بە قەومو تائیفەی دینیو دینەکانو ئەمە پیکهێنانی دەولەت نیە بەلکو لەتکردنیەتی. خۆ ئەگەر خواستو ویستی خەلکی عێراق بۆ دابینکردنی ئازادیو خزمەتگوزاریە گشتیەکانو چارەسەری باری ئەمنیو... بخەینە سەر ئەوە ڕۆشن تر دەبێتەوە، کە ئەوان خەریکن لەسەر پایەیەکی بێ شیش بینایەکی 10 نهۆمی دروست دەکەنو مەعلومە زۆری پێ ناچێت، ئەگەر نەروخێنریتو وەلا نەنرێت ئەوە هەر بۆخۆی دەروخێت.

بۆیە باسی ئێمە ئەوەیە کە ئاسۆی سیاسی ئەوانو گەیشتن بە ئامانجی سیاسیان تاریکەو ڕون نیە. کەرکوك لەم نێوەدا تەوەرەی ئەصلیە بۆ ناسیونالیزمی کوردو گەیشتن بە ئەو ئامانجانەی کە ڕایانگەیاندوە وەهەروەها بۆ ناسیونالیزمی عەرەبو بۆ ئیسلامی سیاسی دیسان کەرکوك مەسەلەو کێشەیەکەو تەرحی خۆیان هەیە لە بەرانبەریدا کە دژ بە تەرحی یەکێتیو پارتیەو هەریەکەیان ئیدعایەکی هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە. ئەوە بەجیا لەوەی کە ئەم شارە بەهۆی کاریگەری نەوتەوە لەسەر بازاری جیهانی، بمانەوێت یان نا ئەوە ولاتانی زلهێزی دنیاو بەتایبەت ئەمەریکا کە ئێستا لەعێراقدا یەو ولاتانی دراوسێش، تەرحو سیاسەتی خۆیان هەیە بۆیو بێدەنگ نابن لەبەرانبەر هەر تەرحو سیاسەتێکدا ئەگەر نەگونجێت لەگەل بەرژەوەندی خۆیانداو ئەمە بۆ هەموو کەس ڕۆشنە. پیم وابێت ناسیونالیزم بە کوردیو عەرەبیەوە وە ئیسلامی سیاسی کە لە ڕوانگەی تائیفیەوە دەیەوێت کێشەکە چارەسەر بکات، هیچیان ناتوانن چارەسەری گونجاو ڕاوەستاو بکەن بۆ کێشەی کەرکوك. کێشەی کەرکوك پێش هەرشتێك لە هەلومەرجی ئێستادا پەیوەندی هەیە بە چارەسەری کێشەی کوردەوە، واتە جیابونەوەی کوردستانو پیکهێنانی دەولەت تیایدا. بەبێ ئەوە پیم وابێت، ئاکامی هەموو ئەو تەرحو پڕۆژانەو لەوانە یاسای قوناغی گواستنەوە کە گوایا هەموویان ڕێککەوتن لەسەری وەکو بۆمبێکی ئامادە وایە بۆ تەقینەوەو شەڕی قەومی. بەجیا لەمەش هەر فیدرالیەت خۆی کێشەیەکەو لەنیو هیزەکانی پیکهێنەری حکومەتو دەولەتی ئێستادا، کێشەی گەورە هەیە لەسەریو ئەمە بەشێوەی جیاجیاو لە بۆنەی جیاوازدا بەڕۆشنی بەیان کراوە. کەواتە ڕیکەوتنی ئەوان پێش ئەوەی ڕیکەوتنێکی کاتی نیوان دوو حزب بێت لە کوردستاندا، لەچوارچێوەیەکی فراوانتری عێراقیدا دارێژراوە جا ئەم چوارچێوە عێراقییەیە کە بۆ ئەوان تاریکەو ڕون نیە، ئەوەنیە خۆیان متمانەیان نیەو باسیان لەسەر ئەوەیە، ئەگەر سبەینێ کورد پۆستێکی سەرۆکایەتی نەبوو، ئەی ڕیککەوتنی نێوانیان چی لێدێت؟ ئەی ئەگەر کەرکوك شوناسنامەی کوردی بەبەردا نەکرا، کەمن بەدوری دەبینم، ئەوکات چی دەلێن؟! ئەی...بەکورتی ئەوان ڕیککەوتون لەسەر ڕێك نەکەوتنێکی فراوانتر

که لەدەست خۆیاندا نیەو چەندین لایەنو هیزی عێراقیو نیودەولەتی دەخالەتی فراوانو گەورەی هەیە بەسەریەوە، بەم مانایەیە کە دەلێین، ئەگەر ڕیکیش بکەون ئەوە نیشانەی ڕیك نەکەوتنیانە.

بەلام سەبارەت بە ڕیککەوتنی هەردوو ئیدارەکە، بە جیا لەوەی کە من پیێم وانیە، چونکە ڕیککەوتنی دوو ئیدارە پێش هەرشتێك ڕیککەوتنە لەسەر هیزی دیفاعو مالیە، کە لەسەر هەردوکیان ڕیك نینو ئەودوانەو دوانی تریش لایەنی کەم یەکناگرنەوە. بەلاّم بەجیا لەوە ڕیککەوتنی ئەوان دیسان بۆ کێکەکەیەو بۆ بەشی زیاتریانە لە دەسەلاتداریتی عێراقداو من پیم وایە ئەم ڕیککەوتنەش کاتیە وەکو چۆن پرۆژەیەك کە ئێستا لە عێراقدا دەچێتە پێشەوە کاتیەو جاریَ پێکهێنانی دەولەت فەرسەخێکی ماوە بۆ ساخکردنەوەو یەکلابونەوە. بەلاّم بەرنامەی یەکگرتنەوەچیيە؟ ئەگەر یەکبگرنەوە خەلّکی کوردستان چی پیَ دەبڕێت؟ با لیرەدا واز لەجیابونەوەی کوردستان بهێنین، چونکە ڕۆشنە ئەوان ئەهلی ئەوکارە نین، بەلام ئایا موچەی فەرمانبەرانو کرێکارانو مامۆستایان زیادەکات لایەنی کەمی موچە دەبێتە 375000دینار؟ ئایا ئازادی سیاسیو ڕادەربرین وەکو یاسا ڕادەگەیەنرێت؟ ئایا ژنان بەمافەکانیان دەگەن؟ ئایا سستەمی خویندن ئالوگوریکی زانستیو ئینسانی بەسەردا دێت؟ ئایا خەلّکی کوردستان دور دەخرێتەوە لە تیرۆرو تیرۆریزم؟ و... وەلامی ئەم پرسیارانە هەر هەمووی "نایە". یەکێتی نیشتمانی تازە بڕیار دەردەکاتو دەلیت هەر خویندکارو فەرمانبەریك لە زانکۆدا مانبگریت یان خۆپیشاندا بکات دەردەکرێت، پارتی ڕیگا بە خۆپیشاندانی مامۆستایان دەگرێتو تازە خەریکە لەکوردستانو بەتایبەت لە هەولیر تیرۆر گەشە دەکات.... بۆیە ڕیککەوتنو ڕیك نەکەوتن پێویستە خەلّکی کوردستان بیانخاتە نێو چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوەو بەپیَی ئەوە هەلیبسەنگێنیَ.